# ئاڵنگارییە یاساییەکانی بەردەم کاراکردنی "بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان"

**ئالان بەهائەددین عەبدوڵڵا**، دکتۆرا لە یاسا – مامۆستا لە کۆلێژی یاسا/ زانکۆی سەڵاحەددین

**پێشەکی**

بونیادنانی سیستەمێکی ئابووریی بەهێز لە هەر وڵاتێکدا، پێویستی بە هەبوونی چەند بنەمایەکی ئابووریی تۆکمە هەیە تاوەکوو هێز و توانست و سەرکەوتنی ئەو سیستەمەی لەسەر بونیاد بنرێت. بازاڕی کاغەزە داراییەکان (بۆرسە) یەکێکە لەو بنەما سەرەکییانەی کە یارمەتیدەری هێنانەدیی سیستەمێکی ئابووریی بەهێزە و هۆکارێکە بۆ بەردەوامبوون و سەرکەوتنی. بۆیە، هەبوونی ئەم بازاڕە زۆر پێویستە، چونکە بازاڕی کاغەزە داراییەکان سەرچاوەیەکی گرنگی پێدانی پارەیە بە کۆمپانیا پشکدارەکان و کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕێژە و قەبارەی وەبەرهێنانی بیانی و نێوخۆیی لە وڵاتدا و فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ کرانەوەی ئابووری بەرامبەر جیهانی دەرەوەدا.

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەم بازاڕە سەرچاوەیەکی گرنگی کۆکردنەوەی داهاتە بۆ دەوڵەت لە ڕێگەی ئەو ڕسووماتانەی کە دەوڵەت بەسەر کۆمپانیا پشکدارەکانی نێو ئەم بازاڕە دەیسەپێنێت لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ئەم بازاڕە پێشکەشی دەکات؛ ئەمە جگە لەوەی ئەم بازاڕە هۆکارێکە بۆ دەرهێنانی ئەو پارانەی کە لە لای تاکەکانی نێو کۆمەڵگەدا نووستووە و ئامرازێکە بۆ وەگەڕخستنی ئەو پارانە لە ڕێگەی کڕین و فرۆشتنی پشك و قەواڵە داراییەکانی ئەو کۆمپانیا پشکدارانەی کە خۆیان لەم بازاڕەدا تۆمار کردووە و ئەمەیش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی داهاتی تاك لە وڵاتدا لە ئەنجامی ئەو قازانجەی کە لەم پرۆسەیەدا دەیکات و، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیا پشکدارەکان لە وڵاتدا. هەروەها ئەم بازاڕانە ئەوپەڕی شەفافییەت لە بواری بازرگانیکردندا فەراهەم دەکەن، چونکە گشت ئەو زانیارییە داراییانەی کە تایبەتن بە کۆمپانیا پشکدارەکان، بە شێوەیەکی ئاشکرا و ناوبەناو و ڕێکخراو لەو بازاڕەدا بڵاو دەکرێنەوە بۆ جەماوەر و ئەوانەی مامەڵە بە پشك و قەواڵە داراییەکانی ئەم جۆرە کۆمپانیایانە دەکەن.

بۆ هێنانەدیی هەموو ئەو باشییانەی سەرەوە، لەساڵی (2007) هەنگاو نرا بەرەو دامەزراندنی بازاڕی کاغەزە داراییەکان لە هەرێمی کوردستان؛ ئەم هەنگاوەیش دامەزراندنی "بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان"ی وەک قەوارەیەکی یاسایی لێ کەوتەوە. بەڵام تاوەکوو ئێستا ئەم قەوارە یاساییە کارا نەبووە و بە فیعلی دەستی بە کارەکانی نەکردووە لەبەر چەندان هۆکاری سەرەکی کە لەم وتارەدا تیشکی دەخرێتە سەر.

**دامەزراندنی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان**

بیرۆکەی دامەزراندنی بازاڕێک لە هەرێمی کوردستان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کاغەزە داراییەکان و ئەو ڕێکارە پراکتیکییانەی لەم بارەیەوە گیرانە بەر، بووە هۆی دامەزراندنی بازاڕێک بە ناوی "**بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە**

**داراییەکان**". خاوەندارێتیی ئەم بازاڕە دەگەڕێتەوە بۆ "کۆمپانیای بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان" کە کۆمپانیایەکی پشکداری تایبەتە (شرکة مساهمة خاصة) و نزیکەی 57 (پەنجا و حەفت) لە گەورە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان و بانکە ڕێگەپێدراوەکان و دەزگە بازرگانییە متمانەپێکراوەکان و دوو وەزارەتی حکوومەتی هەرێم لەم بازاڕەدا خاوەن پشکن و، سەرمایەی ئەم کۆمپانیایە لە کاتی دامەزراندنیدا بریتی بوو لە 10 (دە) ملیار دیناری عێراقی و، سەرەتا لە بەغدا دامەزرا بە فەرمانی کارگێڕیی ژمارە (م.ش./01/74710) لە ڕێکەوتی (16/05/2010) و، لە پاشاندا لە هەرێمی کوردستان لقی کردەوە بە فەرمانی کارگێڕیی ژمارە (9671) لە ڕێکەوتی (22/11/2012) و لەژێر ژمارە (1603) تۆمار کراوە. ئەم بازاڕە مۆڵەتی کارکردن و دەستکردن بە ئاڵوگۆڕکردنی کاغەزە داراییەکانی لەلایەن دەستەی کاغەزە داراییەکانی عێراقییەوە (هيئة الأوراق المالية العراقي) بە نووسراویان ژمارە (13/17) لە ڕێکەوتی (21/04/2014) پێ دراوە و، ئەم دەستەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە و بارەگاکەی لە شاری بەغدایە.

دامەزراندنی بازاڕێک بۆ کاغەزە داراییەکان لە هەرێمی کوردستان لەسەر شێوەی کۆمپانیای پشکداری تایبەتەوە بە سەرمایەی تایبەت و لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە ببردرێت، هەنگاوێکی گرنگ و بوێرانە بووە لە سەردەمی خۆیدا و، پێویستییەکی حەتمی بوو بۆ تەواوکردنی نەخشەی سەربەخۆبوونی ئابووریی هەرێمی کوردستان کە لە نێوان سالانی (2007 – 2014) لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاری لەسەر دەکرا؛ بەڵام ئەمانە هیچی نەهاتنە دی، بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە لە ساڵی (2014)وە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە لە ئەنجامی ململانێی سیاسی و ئابووریی نێوان و هەولێر و بەغدا.

**بنەمای یاسایی کردنەوەی بازاڕی کاغەزە داراییەکان لە هەرێمی کوردستان**

لە عێراقدا کار بە یاسای کاتیی بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکان دەکرێت و، ئەم یاسایە لە ساڵی (2004) بە فەرمانی ژمارە (74) لەلایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (هەڵوەشێنراو) لە عێراقدا دەرکرا و لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە (3983) لە حوزەیرانی ساڵی (2004) بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو کرایەوە. سەرەڕای ئەو هەموو تێبینی و ڕەخنانەی کە ئاراستەی شێوازی نووسین و داڕشتن و ناڕێکیی دەربڕین و ناڕوونیی دەستەواژەکانی ئەم یاسایە کراوە، کەچی تاوەکوو ئێستا لە عێراقدا کار بەم یاسایە دەکرێت و بە تاکە چوارچێوەی یاسایی دادەنرێت بۆ ڕێکخستنی کارەکانی بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

بەپێی بڕگە (4)ی بەشی (دووەم)ی ئەم یاسایە، یاسادانەر ڕێگەی داوە، جگە لە بازاڕی عێراق بۆ کاغەزە داراییەکان کە بارەگاکەی لە شاری بەغدایە، بازاڕی تر بۆ کاغەزە داراییەکان لە شارەکانی تری عێراقدا هەبێت و، دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی ئەم بازاڕانەیشی داوە بە "دەستەی کاغەزە داراییەکانی عێراقی" و کردوویەتی بە بەرزترین دەسەڵاتی کارگێڕی لەم بارەیەوە.

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەم بڕگە یاساییەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە، بێدەنگیی نواندووە سەبارەت بە دیاریکردنی خەسڵەتی ئەو لایەنەی کە بازاڕێکی نوێ بۆ کاغەزە داراییەکان دەکاتەوە و بەڕێوەی دەبات؛ ئایا ئەم لایەنە کەرتی دەوڵەتە؟ یاخود کەرتی تایبەتە؟ یاخود بە هاوبەشییە لە نێوان هەردوو کەرتدا؟

بۆیە، بە پشتبەستن بە بڕگە (4)ی بەشی (دووەم)ی یاسای کاتیی بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکانی ساڵی (2004)، مۆڵەت دراوە بە "کۆمپانیای بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان – پشکداریی تایبەت" بۆ ئەوەی بازاڕێك لە "هەولێر"ی پایتەخت بکاتەوە بە ناوی "بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان". ئەم کۆمپانیایە، کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتە و هەر لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبردرێت، ئەگەرچی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (20%) لە سەرمایەکەی بەشدارە.

ئەزموونی هەبوونی دوو بازاڕ بۆ کاغەزە داراییەکان لەنێو یەك وڵاتدا ئەزموونێکی ئەمریکییە و هەر ئەوانیش لە ڕێگەی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (هەڵوەشێنراو) هێنایانە نێو سیستەمی ئابووری و یاسایی عێراقی و، ئەم سیستەمە لە چەندان وڵاتی تر پەیڕەو دەکرێت؛ بۆ نموونە هەبوونی بۆرسەی ئەبوزەبی و بۆرسەکانی تر لە دوبەی لە وڵاتی ئیمارات، یاخود هەبوونی بۆرسەی قاهیرە و بۆرسەی ئەسکەندەرییە لە وڵاتی میسر.

**لە هەرێمی کوردستان بۆ کاغەزە داراییەکان کار بە چ یاسایەک دەکرێت؟**

بۆ ئەوەی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان لە هەرێمی کوردستان دەست بە کارەکانی بکات، پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە، کە بەداخەوە لە ئێستادا ئەم چوارچێوە یاساییە بوونی نییە و ئەمەیش لە کاتی دەستبەکاربوونی ئەم بازاڕە کێشەی یاسایی لێ دەکەوێتەوە، چونکە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی (31/8/1992) بڕیاری ژمارە (11)ی دەرکردووە؛ بەپێی ئەم بڕیارە هەر یاسایەك یاخود پەیڕەوێك یاخود ڕێنماییەک کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکوومەتی مەرکەزیی عێراقەوە لە دوای ڕێکەوتی (23/10/1991) دەرکرابێت، ئەوا پێویستیی بە ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان دەبێت بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێن و کاریان پێ بکرێت. ئەم بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی دەستووریی وەرگرت بەپێی مادده (141) لە دەستووری کۆماری عێراق بۆ ساڵی (2005) کە دانی نا بە گشت بڕیار و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان کە لە نێوان ساڵانی (1992–2005) دەرکراوە. هەر بۆیە، بڕیاری ژمارە (11) تاوەکوو ئێستا کاری پێ دەکرێت.

بە بۆچوونی من، کردنەوە و دەستبەکاربوونی "بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان" لە هەرێمی کوردستان، پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە کە خۆی لە یاسای کاتیی بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکانی ساڵی (2004) دەبینێتەوە کە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (هەڵوەشێنراو) لە ساڵی (2004) لە عێراق دەریان کردووە. ئەم یاسایە و گشت یاساکانی تری دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (هەڵوەشێنراو)، بوونە بەشێك لە سیستەمی یاسایی عێراقی بەپێی بڕگە (ج) لە مادده (26) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە بۆ ساڵی (2004) کە دانی نا بە گشت ئەو یاسایانەی کە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لە عێراق لە نێوان هەردوو ساڵی (2003–2004) دەری کردبوو و گشتیان بوون بە بەشێك لە یاسای عێراقی.

لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لە عێراق لە نێوان هەردوو ساڵی (2003–2004) وەك جێگرەوەی دەسەڵاتدارانی ناوەند لە عێراقدا ڕەفتاری دەکرد، هەروەك ئاماژەی بۆ کراوە لە بڕگە (1) لە بەشی (1) لە فەرمانی ژمارە (1)ی ساڵی (2003) کە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان خۆیان دەریان کردووە، تیایدا هاتووە: "لە عێراقدا، دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان گشت دەسەڵاتەکانی حکوومەت ڕایی دەکات بە شێوەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق..." هەروەها لە بڕگە (2)ی هەمان بەش و هەمان فەرماندا هاتووە: "لە

عێراقدا، دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان گشت دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری ڕایی دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی...”

کەواتە، دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لە عێراق لە نێوان هەردوو ساڵی (2003–2004) جێگرەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بووە لەسەر ئاستی عێراقدا و، وەك حکوومەتی ناوەند و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری لەسەر ئاستی عێراقدا کاری کردووە. ئەمەیش مانای ئەوەیە کە یاسای کاتیی بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکانی عێراقی (2004) کە لەلایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (هەڵوەشێنراو) دەرچووە وەك ئەوە وایە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دەرچووبێت. بۆیە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی (1992) ڕێگر دەبێت لە بەردەم ڕاستەوخۆ جێبەجێکردنی یاسای بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکانی عێراقی (2004) لە هەرێمی کوردستان، بەڵکوو ئەم یاسایە پێویستی بە بەرکارکردن هەیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت. کەواتە، بەرکارکردنی یاسای کاتیی بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکانی عێراقی ساڵی (2004) لە هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە مەرجێکی سەرەکییە بۆ کردنەوە و دەستبەکاربوونی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان، تاوەکوو چوارچێوەیەکی یاسایی دروست ببەخشێت بە گشت ئەو مامەڵە یاساییانەی کە لەنێو هۆڵەکانی ئەم بازاڕەدا ئەنجام دەدرێت.

**پەیوەندیی حکوومەتی هەرێم بە بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان**

بیرۆکەی کردنەوەی ئەم بازاڕە، دەگەڕێتەوە بۆ کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە بە هەماهەنگیی ئەم کابینەیە لە ساڵی (2007) کۆنفرانسێک بەسترا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کردنەوەی بازاڕێک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کاغەزە داراییەکان لە هەرێمی کوردستان وەک پێویستییەکی حەتمیی بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری لە هەرێمی کوردستان. ڕێکارەکان و هەنگاوەکان لەم بارەیەوە بەردەوامییان هەبوو تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی ژمارە (5)یدا بە بڕیاری ژمارە (14) لە ڕێکەوتی (09/03/2008) بە فەرمی بڕیاری دا بە دامەزراندن و کردنەوەی بازاڕێک لە هەرێمی کوردستان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کاغەزە داراییەکان.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بڕیارەی سەرەوە، کۆمپانیای بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان دامەزرا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دوو وەزارەتەوە بە ڕێژەی (20%) بەشدارە لە سەرمایەی ئەم کۆمپانیایە و، هەروەها ئەنجومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی ژمارە (1710) لە ڕێکەوتی (12/07/2012) بڕیاری دا بە پێکهێنانی لێژنەی حەوکەمە بە مەبەستی سەرپەرشتی و چاودێری و بەڕێوەبردنی کارەکانی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان.

**واقعی ئێستای بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان**

لە دوای ئەوەی دەستەی کاغەزە داراییەکانی عێراقی لە ساڵی (2014) مۆڵەتی کردنەوەی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکانی بەخشی، پرۆسەی کردنەوەی ئەم بازاڕە هەر زوو ڕووبەڕووی چەندان کێشە و ئاڵنگاری بووەوە کە ڕێگر بوون لە بەردەم کردنەوەی ئەم بازاڕە و، تاوەکوو ئێستایش بەشێک لەم ئاستەنگانە هەر ماون، سەرەڕای تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی ئەم بازاڕە.

هەر لە سەرەتاوە، ئەم بازاڕە کەوتە بەردەم دوو ئاڵنگاریی بەهێز: **یەکەمیان** بریتی بوو لە کردنەوە و بەڕێوەبردنی ئەم بازاڕە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەمەیان خۆی لە خۆیدا تاقیکردنەوەیەکی بەهێز بوو بۆ توانستی ئەو کەرتە بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئابووری لەم شێوەیە. **دووەمیان** بریتی بوو لە نەبوونی شارەزایی و پسپۆریی پێویست لە هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی تایبەت بە کارەکانی بازاڕی کاغەزە داراییەکان، وەك بوارەکانی یاسایی و ژمێرکاری و چاودێریکردن و بەڕێوەبردن و چۆنێتیی کڕین و فرۆشتن تیایدا و، هەروەها نێوەندگیری (التحكيم) و بنبڕکردنی یاریکردن بە نرخەکانی پشك و قەواڵە داراییەکان و هتد. بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دوو ئاڵنگارییە، کۆمپانیای ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان چەندان ڕێککەوتننامەی لەگەڵ لایەنی دەرەکی بەست بۆ کڕینی سیستەمی کارکردنی بازاڕ و بواری پێدانی ڕاوێژکاری و هەروەها ڕاهێنان بۆ پێگەیاندنی کادیری پسپۆر و، هەموو ئەمانەیش بە مەبەستی پەلەکردن بوو بۆ زوو کردنەوەی ئەم بازاڕە.

بڕیار وابوو ئەم بازاڕە لە ڕێکەوتی (20/10/2014) بکرێتەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکان، نەتوانرا ئەم بازاڕە بکرێتەوە، چونکە لە ساڵی (2014) قەیرانی دارایی و جەنگی داعش بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرت و سەرەنجام حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (7624) لە ڕێکەوتی (27/11/2014) بڕیاری دا کەوا پەلە نەکرێت لە کردنەوەی ئەم بازاڕە و، دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پرۆژەیە بکرێتەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ بەڕێوەبردن و کردنەوەی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان بەپێی پێوەرە جیهانییەکان و بەرزکردنەوەی پێشنیار بۆ ئەنجومەنی ئابووری بۆ دیاریکردنی کاتی کردنەوەی بازاڕەکە. ئامانج لەم بڕیارە ڕوون بوو: پاراستنی هاووڵاتی و کۆمپانیاکان؛ چونکە ژینگەی ئابووریی هەرێمی کوردستان لەبار نەبوو بۆ کردنەوەی ئەم بازاڕە لە ساڵی (2014)دا.

لەم سۆنگەیەوە، پوختەی واقعی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بەم شێوەی خوارەوەیە:

- ئەم بازاڕە تاوەکوو ئێستا نەکراوەتەوە.
- کۆمپانیای ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان چەندان خەرجیی ئەنجام داوە لە چوارچێوەی سەرمایەی کۆمپانیا بۆ سەرخستنی بیرۆکەی کردنەوەی ئەم بازاڕە.
- کۆمپانیای ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان وەک کیانێکی یاسایی بوونی ماوە، بەڵام بەفیعلی هەست بە بوونی ناکرێت، چونکە کارا نییە و کەموکوڕی لە پەیکەرە کارگێڕییەکانی بەدی دەکرێت، وەک ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بۆ نموونە.
- حکوومەتی هەرێمی کوردستان نایەوێت بە کردنەوەی ئەم بازاڕە، سەرکێشی بە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و کۆمپانیاکان بکات، چونکە ژینگەی ئابووریی هەرێم تاوەکوو ئێستا لەبار نییە.
- دەستەی کاغەزە داراییەکانی عێراق هەمیشە جەخت لە کردنەوەی ئەم بازاڕە دەکاتەوە و بەبەردەوامی نووسراو ئاڕاستەی کۆمپانیا دەکات و دوایینی ئەم نووسراوانانە، نووسراوی ژمارە (9/1294) و لە ڕێکەوتی (07/06/2022) ئاراستە کراوە.

**ئەگەرەکانی بەردەم بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان**

لە ئێستادا ئەگەرەکانی بەردەم کۆمپانیای بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان زۆر نین بەهۆی ئەو کێشە و ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی پرۆژەی کردنەوەی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان لە هەرێمی کوردستان دەبێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەگەرە سەرەکییەکان بەم شێوەی خوارەوەن:

1. **ئەگەری یەکەم – کردنەوەی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان**

کردنەوەی ئەم بازاڕە لە ئێستادا ڕووبەڕووی گرفتی قەیرانی دارایی و بێمتمانەیی هاووڵاتیان و سەرمایەداران دەبێتەوە و، هەروەها ڕووبەڕووی گرفتی هێنانی وەبەرهێنەری نوێ دەبێتەوە، چونکە لەوانەیە خاوەن پشکەکانی کۆمپانیا ئامادەییان تێدا نەبێت سەرمایەی زیاتر لەم پرۆژەیە خەرج بکەن بۆ هێنانی سیستەم و پێداویستییەکانی تری کردنەوەی ئەم بازاڕە؛ چونکە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا وەبەرهێنەری نوێ ئارەزووی هەیە وەبەرهێنان لە پرۆژەیەک بکات کە نەیتوانیوە لە ڕابردوودا لەسەر پێی خۆی بوەستێت؟

2. **ئەگەری دووەم – مانەوەی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان بە سڕکراوی**

ئەمەیان لە ڕووی یاساییەوە ناکرێت، چونکە نابێت کۆمپانیا دابمەزرێت و دەست بە کارەکانی نەکات، ئەمە لە کاتێکدایە نزیکەی (14) ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆمپانیا تێپەڕ بووە، بێ ئەوەی دەست بە کارەکانی بکات. بێ گومان مانەوەی کۆمپانیای بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان بە سڕکراوی و بێ ئەوەی هەنگاوی ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بهاوێژرێت، دەبێتە هۆی لەدەستدانی زیاتری سەرمایەی ئەم کۆمپانیایە.

3. **ئەگەری سێیەم – پاشگەزبوونەوە لە بیرۆکەی دامەزراندنی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان و پاکتاوکردنی کۆمپانیا**

ئەمەیان یەکێکە لە ئەگەرەکان و لەم حاڵەتەدا پێویستە کۆمپانیای بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان پاکتاو بکرێت پاڵپشت بە بڕگە (یەکەم) لە مادده (147) لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی (1997)، چونکە زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆمپانیا تێپەڕ بووە و نەیتوانیوە دەست بە کارەکانی بکات. دەرکردنی بڕیاری پاکتاوکردن پێویستی بە ڕەزامەندیی خاوەنی (51%)ی پشکەکانی کۆمپانیا دەبێت لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتیی کۆمپانیا، پاڵپشت بە بڕگە (دووەم) لە مادده (98) لە هەمان یاسادا و، ئەمە جگە لەوەی پێویستە تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری پاکتاوکردن پەسند بکات.

جێبەجێکردنی ئەم ئەگەرە ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە ڕووبەڕووی چەندان کێشە و ئاڵنگاری دەبێتەوە، لەوانە: بەزەحمەت وەرگرتنی ڕەزامەندیی خاوەن پشکەکان، یاخود ڕازینەبوونی خاوەن پشکەکان بە هەڵگرتنەوەی ئەو زەرەر و خەرجییانەی کە کۆمپانیای بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان کردوویەتی لە نێوان ماوەی 2010 – 2024، یاخود هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتیی دانەوەی قەرزەکانی کۆمپانیا – ئەگەر هەبێت– یاخود ڕوودانی کێشەی یاسایی لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی داوای یاسایی لە دادگەی تایبەتمەند و هتد.

**ئاڵنگارییەکانی بەردەم کاراکردنی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان**

لە ئەنجامی هەموو ئەو گرفت و کێشانەی کە لە ماوەی (14) چواردە ساڵی ڕابردوو ڕووبەڕووی کۆمپانیای

بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان بووەتەوە، دەتوانین بڵێین کە کردنەوەی ئەم جۆرە بازاڕە لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا سەرکێشییەکی گەورەیە و ڕووبەڕووی چەندان ئاڵنگاری دەبێتەوە کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینی ئەم ئاڵنگارییانەن:

1. هەبوونی بۆشاییی یاسایی؛ لەبەر ئەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ کارکردنی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان، یاخود کارکردنی هەر بازاڕێکی تری کاغەزە داراییەکان لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە، چونکە تاوەکوو ئێستا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەتی بۆ ڕێکخستنی ئەم جۆرە بازاڕانە دەرنەکردووە و، هاوتەریب لەگەڵ ئەمەیشدا تاوەکوو ئێستا یاسای کاتیی بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکانی عێراق بۆ ساڵی (2004) لە هەرێمی کوردستانی بەرکار نەکردووە و ئەمەیش کێشەی پراکتیکیی زۆر بۆ مامەڵە و ئاڵوگۆڕەکانی نێو بازاڕدا و، هەروەها بۆ دادگەکان دروست دەکات.
2. کۆمپانیای ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان، وەک قەوارەیەکی یاسایی، کێشەی بوون و مانەوەی یاساییی هەیە، چونکە ئەم کۆمپانیایە ماوەی چواردە ساڵە دامەزراوە و تاوەکوو ئێستا دەستی بە کارەکانی نەکردووە، حوکمی ئەو حاڵەتەیش بەپێی بڕگە (یەکەم) لە ماددە (147) لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی (1997) ئەوەیە، پێویستە کۆمپانیاکە پاکتاو بکرێت و بوونی یاساییی نەمێنێت، ئەگەر پاساوێکی ڕەوای نەبێت و، بێ گومان ناکرێت پاساوی ڕەوایش ماوەی چواردە ساڵ درێژە بکێشێت.
3. بەپێی بڕگە (4) لە بەشی (دووەم) لە یاسای کاتیی بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکانی عێراق بۆ ساڵی (2004)، ڕێگە دراوە جگە لە بازاڕی عێراق بۆ کاغەزە داراییەکان، بازاڕی تر لە عێراق بۆ کاغەزە داراییەکان بکرێتەوە؛ بە مەرجێک لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی دەستەی کاغەزە داراییەکانی عێراق بێت. لە ساڵانی پێشوو، ئەم بابەتە خاڵی ناکۆکیی نێوان ئەنجومەنی ئابووریی هەرێم و دەستەی کاغەزە داراییەکانی عێراق بوو، چونکە ئەنجومەنی ئابووری دەیویست ئەم بازاڕە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت نەوەک بەغدا؛ بۆیە لە ساڵی (2012) لێژنەی حەوکەمە (لجنة الحوكمة العالمية)ی دروست کرد بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەی دەستەی کاغەزە داراییەکانی عێراق بۆ چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان. ئەم بابەتە تاوەکوو ئێستا بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، چونکە ئەگەر ئەو بازاڕە بکرێتەوە ئەوا ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی بەغدا دەبێت؛ ڕەنگە ئەوەیش لە بەرژەوەندیی هەرێم نەبێت.
4. ئەگەر چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان بدرێت بە دەستەی کاغەزە داراییەکانی عێراق، ئەمە مانای ئەوەیە کەوا بەغدا زانیاریی دارایی و کارگێڕیی زۆری لەسەر کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی دەست دەکەوێت، بەتایبەت ئەوانەی لەم بازاڕەدا تۆمار کراون، بۆیە لێرەدا دەپرسین: ئایا هەرێم ئامادەیە زانیارییە ئابووری و داراییەکانی کۆمپانیاکانی بخاتە بەردەمی بەغدا وەک کار و چالاکییەکانیان و هەژمارە بانکییەکانیان و خاوەن پشکەکانیان و ناوی بەڕێوەبەر و ئەندامانی کارگێڕیی باڵای کۆمپانیاکان و...؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێکی سەرەکیی شەڕی سیاسیی نێوان هەرێم و بەغدا، "شەڕی بەدەستهێنانی زانیاری"یە لەسەر یەکتر.
5. پێشنیار هەیە کەوا دەستەی کاغەزە داراییەکانی عێراق لقێکی لە هەرێمی کوردستان لە شاری

هەولێر بکاتەوە و ئەم لقە لە هەماهەنگیدا بێت لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی نێو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاودێریکردنی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان. ئەم پێشنیارە هیچ لە ئەسڵی بابەتەکە ناگۆڕێت کەوا بەغدا داتا داراییەکانی کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستانی دەکەوێتە بەردەست، تەنانەت ئەگەر ئەم لقە لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

6. تا ئێستا سروشتی پەیوەندیی نێوان بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان و بازاڕی عێراق بۆ کاغەزە داراییەکان ڕوون نییە و، نازاندرێت ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بازاڕی عێراق تۆمار کراون دەتوانن لە هەمان کاتدا خۆیان لە بازاڕی ئەربیل تۆمار بکەن؟ ئایا بە یەک سیستەم کار دەکەن یاخود بە دوو سیستەمی جیاواز؟
7. لە بازاڕی کاغەزە داراییەکاندا، پێویستە لەسەر کۆمپانیا تۆمارکراوەکان شەفافانە مامەڵە بکەن و زانیارییەکان بخەنە بەردەستی ئیدارەی بازاڕ و مامەڵەکاران بۆ ئەوەی بەدروستی نرخی پشک دیاری بکرێت و، نابێت زانیاریی نادروست یان چەواشەکارانە سەبارەت بە باری داراییی کۆمپانیا بخەنە ناو بازاڕ و ببێتە هۆی زەرەرگەیاندن بە وەبەرهێنەرەکان. ڕەنگە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە و دروستکردنی ئەم کەلتوورە لە هەرێمی کورستان لە ئێستادا زەحمەت بێت، چونکە شاردنەوە یاخود پێنەدانی زانیارییەکان خەسڵەتێکی سەرەکیی زۆربەی کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستانە و سادەترین زانیاری لەمەڕ کۆمپانیا نادرێت بە هیچ دەزگەیەکی فەرمی و نافەرمی یاخود بەکەمی و چەواشەکارانە زانیارییەکان دەدرێن. ئەم ڕەفتارەی زۆربەی کۆمپانیاکانی هەرێم، لەگەڵ فەلسەفەی بازاڕی کاغەزە داراییەکاندا ناگونجێت.
8. کاراکردن و کردنەوەی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان پێویستی بە سەرمایە هەیە بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی کارکردنی بۆ دابین بکرێت، وەک سیستەمی ئەلیکترۆنیی کارکردن و باڵاخانە و سەرمایەی مرۆیی و هتد. بۆیە پرسیاری جددی ئەوەیە: ئایا خاوەن پشکەکانی کۆمپانیای ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان ئامادەن پارەی تر بخەنە نێو ئەم پڕۆژەیە؟ ئایا وەبەرهێنەرانی دەرەوە ئامادەن لە جیاتی خاوەن پشکەکان ئەو کارە بکەن؟ چونکە ڕەنگە لە ئێستادا سەرمایەی کۆمپانیا بەشی ئەوە نەکات ئەم بازاڕەی پێ کارا بکرێتەوە لەبەر ئەو خەرجییانەی کە لە ماوەی چواردە ساڵی ڕابردوودا کراوە بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە.
9. هەرێمی کوردستان بەدەست ناسەقامگیریی سیاسییەوە دەناڵێنێت، چ لەسەر ئاستی نێوخۆیی بێت یاخود دەرەکی، ئەمە لە کاتێکدایە کەوا بازاڕی کاغەزە داراییەکان پێویستی بە سەقامگیریی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەندروست و ئەکتیڤ کارەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێت.
10. هەرێمی کوردستان بەدەست ناسەقامگیریی ئابوورییەوە دەناڵێنێت، چ لەسەر ئاستی نێوخۆیی بێت یاخود دەرەکی، ئەمیش لە ئەنجامی ئەو قەیرانە داراییەی کە لە ساڵی (2014)وە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە؛ ئەمە جگە لەوەی تاوەکوو ئێستا ڕوون نییە کە هەرێمی کوردستان پەیڕەوی چ جۆرە سیستەمێکی ئابووری دەکات، ئەوا ئەگەر یەکلایی بووینەوە کە هەرێمی کوردستان خاوەنی ئابوورییە بە مانا زانستییەکەی.
11. یەکێک لە ئامانجەکانی کردنەوەی بازاڕی کاغەزە داراییەکان بریتییە لە جووڵەپێکردنی سەرمایە لە دەستی ئەوانەی پێویستییان پێی نییە بۆ دەستی ئەوانەی پێویستییان پێیەتی، بۆیە مەحاڵە باس لە بازاڕێکی ئەکتیڤ و تەندروست بکەین لە بارێکدا تاک پاشەکەوتی نەبێت، یاخود داهاتی کەم بێت. لە ئێستادا تاکی کوردستانی بەهۆی قەیرانی داراییەوە بەدەست ئەم دوو دیاردەیەوە دەناڵێنێت، چونکە تاک لە هەرێمی کوردستان پارەی زۆری لەدەست نییە بۆ ئەوەی مامەڵە بە

پشک و قەواڵە داراییەکان بکات. ئەمەیش مەترسییەکی گەورەیە و ڕەنگە ببێتە هۆی نزمیی ئاستی داواکاریی کڕین لەم بازاڕەدا و، هەرچەند جووڵەی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕدا کەم بێت ئەوەندە بازاڕەکە بە نائەکتیڤ وەسف دەکرێت و قازانجی نابێت و ئەو ئامانجە نایەتە دی کە بۆی دامەزراوە.

12. یەکێک لە گەورەترین ئاڵنگارییەکان کە ڕووبەڕووی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان دەبێتەوە بریتییە لە نەبوون یاخود نزمیی ئاستی متمانەی خەڵک بە دامەزراوە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەوانەی سەر بە کەرتی تایبەتن. بۆیە پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: هاووڵاتی چۆن متمانە بە بازاڕێکی کاغەزە داراییەکان دەکات کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبردرێت؟ تا ئێستا ڕوون نییە چۆن دەتوانن بەسەر ئەم ئاڵنگارییەدا زاڵ بن.

13. بەهۆی خراپی و ناسەقامگیریی باری ئابووری و سیاسی و، زیادبوونی باج و ڕسووماتە وەرگیراوەکان و، زۆریی ڕۆتینیاتی کارکردن، ئامارە نافەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بە زیادبوونی دیاردەی کۆچی سەرمایەدارانی هەرێم بۆ دەرەوەی هەرێم دەکەن. ئەگەر ئەم ئامارانە دروست بن، ئەوا بێ گومان دەبنە هەڕەشە و مەترسییەکی جددی و گەورە لە بەردەم سەرکەوتنی پڕۆژەی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی، چونکە ئەم دیاردەیە، نەختینە (سیولە) لە بازاڕدا کەم دەکاتەوە.

14. زۆربەی ئەوانەی لەنێو بازاڕی کاغەزە داراییەکاندا کڕین و فرۆشتن بە پشک و قەواڵە داراییەکان دەکەن بریتین لە هاووڵاتیی ئاسایی لە ڕێگەی نێوەندگیرەکانەوە (الوسطاء). بە شێوەیەکی گشتی هاووڵاتیی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان بە چەند خەسڵەتێک دەناسرێتەوە کە هەموویان ڕێگرن لە بەردەم چوونە نێو بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان بە مەبەستی وەبەرهێنانکردن، بۆ نموونە: لە عەقڵییەتی هاووڵاتیدا بیرۆکەی پاشەکەوتکردن زاڵە بەسەر بیرۆکەی وەبەرهێنانکردن، یاخود نەبوونی کەلتووری مامەڵەکردن لە چوارچێوەی ئەم بازاڕانەدا، یاخود لێکدانەوەی حەڵاڵبوون یان حەڕامبوونی ئەم جۆرە مامەڵانەی نێو بازاڕی کاغەزە داراییەکان و هتد.

15. بەپێی یاسای کاتیی بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکانی عێراق بۆ ساڵی (2004)، لە بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکاندا، تەنیا پشک و قەواڵەی داراییی کۆمپانیا پشکدارەکان مامەڵەیان پێوە دەکرێت. کەواتە کۆمپانیاکانی تری وەک هاوئەرکی و پڕۆژەی تایبەت و سادە و سنووردار ناتوانن لەم بازاڕەدا تۆمار بکرێن و، لەبەر ئەوەی ژمارەی کۆمپانیا پشکدارەکان لە هەرێمی کوردستانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. بۆیە ئەم بابەتە ئاڵنگارییەکی گەورەیە و هەڕەشەیەکی جددییە لە بەردەم سەرکەوتنی ئەم بازاڕە؛ ئەمەیش لە کاتێکدایە کە هیچ پلانێکی تۆکمە بەدی ناکرێت بۆ زیادکردنی ژمارەی کۆمپانیا پشکدارەکان لە ڕێگەی هاندانی کۆمپانیاکانی تر بۆ ئەوەی شێوەی خۆیان بگۆڕن بۆ پشکداری، یاخود دامەزراندنی کۆمپانیای پشکداری هەر لە سەرەتاوە.

16. بەپێی یاسای کاتیی بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکانی عێراق بۆ ساڵی (2004)، لە بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکاندا، تەنیا پشک و قەواڵەی داراییی کۆمپانیا پشکدارە عێراقییەکان مامەڵەیان پێوە دەکرێت؛ کەواتە کۆمپانیا پشکدارە بیانییەکان ناتوانن خۆیان لەم بازاڕە تۆمار بکەن. ئەمەیش کێشەیە و ڕێگر دەبێت لە بەردەم زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان لەم بازاڕەدا.

17. بەپێی یاسای کاتیی بازاڕەکانی کاغەزە داراییەکانی عێراق بۆ ساڵی (2004)، تۆمارکردنی کۆمپانیا پشکدارەکان لە بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان کارێکی ئیلزامی نییە، چونکە کۆمپانیا پشکدارەکان بە یاسا پابەند نەکراون ئەم کارە بکەن، بەڵکوو کارێکی ئارەزوومەندانە و ئیختیارییە و، ئەمەیش گرفتێکی ترە و ڕێگر دەبێت لە بەردەم زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان لەم بازاڕەدا.
18. ئەزموونی کۆمپانیا پشکدارەکان لە هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبووە، چونکە هەندێک لە کۆمپانیا پشکدارەکان بەخراپی و بە شێوەیەکی ناشەفافانە مامەڵەیان لەگەڵ خاوەن پشکەکان کردووە. ئەمەیش وای کردووە کە ناوبانگی ئەم جۆرە کۆمپانیایانە لە هەرێمی کوردستان خراپ بێت و، ڕەنگە ڕێگر بێت لە بەردەم کڕینی پشک و قەواڵەی داراییی ئەم جۆرە کۆمپانیایانە لەنێو بازاڕدا بەهۆی نەمانی متمانە و خراپیی ناوبانگ.
19. بەداخەوە، تاوەکوو ئێستا کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان کەرتێکی لاوازە و، هەروەها سەربەخۆ نییە و لەژێر چنگی کەرتی گشتی و هەژموونی سیاسی دەرنەچووە؛ بۆیە زەحمەتە بەم کەرتە لاوازەوە بازاڕێکی ئەکتیڤ و کارا بۆ کاغەزە داراییەکان دروست بکەین.
20. سەرەڕای دەرچوونی لە پەرلەمانی کوردستانەوە، کەچی تاوەکوو ئێستا یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاری ژمارە (3)ی ساڵی (2013) لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێت؛ ئەمەیش وای کردووە کە کێبڕکێی یاساییانە و دادپەروەرانە لە بازاڕە کلاسیکییەکانی هەرێمی کوردستاندا وەک پێویست نەبێت. ئەگەر ئەم ئەنجامە دروست بێت، ئەی چۆن لە بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکاندا ئەو کێبڕکێ یاسایی و دادپەروەرانەیە دێتە دی؟!
21. هەرێمی کوردستان بەدەست کەمیی شارەزایانی بواری بازاڕە داراییەکاندا دەناڵێنێت. ئەم بابەتە پێویستی بە پلانی تۆکمە هەیە بۆ ئەوەی کادیری پێویست پێڕا بگەیەنرێت، بەتایبەت ئەوانەی دەتوانن ئەم جۆرە بازاڕانە بە باشترین شێواز بەڕێوە ببەن، یاخود ئەوانەی دەزانن چۆن پرۆسەی کڕین و فرۆشتن ئەنجام بدەن، یاخود ئەوانەی دەتوانن تاوانەکانی نێو ئەم بازاڕە بنبڕ بکەن، بەتایبەت دیاردەی یاریکردن بە نرخی پشک و قەواڵە داراییەکان.
22. تا ئێستا هیچ زانیاری و داتایەکی دروست لە بەردەست نییە کە لە ماوەی ڕابردوو یاخود لە ئێستادا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەنجام درابێت و بۆ دیراسەتکردنی لایەنی باشی ئابووری (الجدوى الاقتصادية)ی هەبوونی دوو بازاڕ لە عێراقدا، یاخود دیراسەکردنی باشیی ئابووریی هەبوونی بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

**کۆبەند**

بە بۆچوونی من، دامەزراندن و کردنەوە و بەڕێوەبردنی بازاڕی کاغەزە داراییەکان پێویستی بە زەمینەسازی و ئامادەکاریی پێشوەختە هەیە و لە ئێستا هەرێمی کوردستان ئەو ئامادەسازییە و زەمینەسازییەی تێدا نییە لە ڕووەکانی هونەری و دارایی و لۆجستی و سەرچاوەی مرۆیی و کەلتووری و هتد.

لەم سۆنگەیەوە، بە پەسندی نازانین لە ئێستادا بازاڕی ئەربیل بۆ کاغەزە داراییەکان یاخود هەر بازاڕێکی تری هاوشێوە لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، چونکە باری ئابووری و دارایی و سیاسی و ژینگەی بازرگانی و عەقڵییەتی تاک لە هەرێمی کوردستان لەبار نییە بۆ کردنەوەی ئەم جۆرە بازاڕانە؛ ئەمە جگە

لەوەی کردنەوەی ئەم بازاڕە لە ئێستادا ڕەنگە ئاسایشی هەرێم بخاتە مەترسییەوە لە ڕێگەی یاریکردن بە نرخی پشک و قەواڵە داراییەکان و، لەوانەیە حکوومەتی فیدراڵی و دەوڵەتانی دراوسێ دەستیان لەم یاریکردنە هەبێت بۆ ئەوەی زیاتر زەرەر بە ئابووریی هەرێم بگەیەنن.